https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.11

e-ISSN (2617-0752)　　p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی شوێنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای سۆران و ڕواندز و کاریگەرییان لەسەر ئاراستەکانی جووڵەی گەشتیاران

پ. ی. د. ئامانج احمد حمدامین دیوانە　　هەلگورد شێخ حسین

amanj.hammadamin@soran.edu.iq　　halgurd.husain@soran.edu.iq

**پوختە**

چالاکیی گەشتوگوزار لە سەردەمی ئێستادا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ئابووریی وڵاتدا دەبینێت، کە بنەمای ئابووریی وڵاتی لەسەر بنیاد دەنرێت و ڕێژەی داهاتی ساڵ لە دوای ساڵ لە زیادبووندایە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان شانبەشانی وڵاتە گەشتیارییەکان هەنگاو بنێت و کێبڕکێی وڵاتان بکات بە تایبەتی لە بواری ڕاکێشانی گەشتیاران، پێویستە گرنگی بە شێواز و ستایلە نوێیەکانی گەشتوگوزار بدەین، ئامانجی نووسینی ئەو توێژینەوەیەمان شیکردنەوە و دەرخستنی شوێنە گەشتوگوزارییە گرنگەکانی شاری سۆران و ڕواندزە کە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەم دوو دەڤەرە دەکەن، واتە جووڵەی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان ساڵ دوای ساڵ ڕووی لە بەرزبوونەوەیە، چەندین شوێنی گەشتوگوزاریی گرنگ و بەناوبانگمان هەن لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە ئەگەر بێت و بایەخی زیاتریان پێ بدرێت ئەم دوو ناوچەیە دەبنە شاری گەشتیاری لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

**وشە کلیلییەکان**: ناوچە گەشتوگوزارییەکان، جووڵەی گەشتیاران، گەشتیاران، گەشت.

## شیکردنەوەی شوێنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای سۆران و ڕواندز و کاریگەرییان لەسەر ئاراستەکانی جووڵەی گەشتیاران

### پێشەکی:

گەشتوگوزار لایەنێکی گرنگ لە ئابووریی وڵاتان پێکدێنێت و بۆتە یەکێک لە پیشەسازییەکانی سەدەی بیست و یەک، هەروەها بە یەکێک لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ڕۆشنبیرییە گرنگەکان دادەنرێت و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و دابینکردنی کار و کەمکردنەوەی بێکاری، لە هەمان کاتدا بارودۆخی ئەمنی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ چالاکی گەشتوگوزار هەیە، هەرچەند بارودۆخی ڕامیاری لەنێوخۆی هەر وڵاتێک لەبارتربێت، چالاکیی گەشتوگوزاری زیاتر دەبێت. قەزاکانی سۆران و ڕواندز ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری هەرێمی کوردستانن بەهۆی ئەوەی دیمەنێکی سروشتیی جوان و سەرنجڕاکێشیان هەیە، کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری ناوخۆیی و بیانی سەردانی دەکەن، دەکرێت لە ئێستا و لە داهاتووش ببێت بە یەکێک لە کۆڵەگە گرنگەکانی ئابووریی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بەهۆی بوونی چەندین توانستی جوگرافیای گەشتوگوزاری، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرجەم چالاکییە ئابوورییەکان وەک (کشتوکاڵ- پیشەسازی- بازرگانی- گواستنەوە).

### ١- ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجمان دەرخستن و شیکردنەوەی شوێنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەردوو قەزای سۆران و ڕواندزە بە مەبەستی زانینی جووڵەی گەشتیاران کە ساڵ دوای ساڵ ڕووی لە بەرزبوونەوەیە.

**٢- گرفتی توێژینەوە:**

قەزاكانی سۆران و ڕواندز دوو ناوچەی دەوڵەمەندن بە شوێنی گەشتوگوزاری، بەڵام زۆربەی ئەو شوێنە گەشتوگوزارییانە وەرزین، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین گەشتیار ڕوویان تێدەكەن بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت بۆ تێپەڕاندنی وەرزی گەشتیاری، وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتوگوزارییەكان بكرێت و بكرێن بە ناوچەی گەشتوگوزاری هەمیشەیی كە تەنیا كۆڕەكی گەشتیاریمان هەیە لە زستانان گەشتیاران ڕووی تێدەكەن.

**٣- میتۆدی لێكۆڵینەوە:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوە بۆ دەرخستن و شیكردنەوەی داتاكان پشتمان بە میتۆدی شیكاری و دەرستخستنی زانیاری لە ڕێگای سەردانی مەیدانی بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەكان دابەشكردنی (٣٠٠) فۆڕمی ڕاپرسی، و هەروەها كۆكردنەوەی زانیاری لە كتێبخانەكان و چاوپێكەوتن لەگەڵ چەند كەسێكی شارەزا و بەكارهێنانی بەرنامەكانی (– GIS GPS- SPSS) بەستووە.

**٤- گریمانەی لێكۆڵینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنچینەی سێ گریمانە ئەنجامدەدرێت:

أ- ئاراستەكانی جووڵەی گەشتیاران زیاتر ڕووی لە قەزای سۆرانە یان قەزای ڕواندز؟

ب- ئاستی خزمەتگوزارییەكان لە شوێنە گەشتوگوزارییەكان بەلای گەشتیاران گونجاوە؟

ت- بوونی ئاووهەوای گونجاو بە تایبەت لە وەرزی هاوین کاریگەری لەسەر ئاراستە و جووڵەی گەشتیاران هەیە کە ڕوو بکەنە شوێنە گەشتوگوزارییەکان؟

**٥- پلانی لێکۆڵینەوە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بۆ چوار تەوەرە، تەوەرەی یەکەم، ناساندنی چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە. تەوەرەی دووەم، ناساندنی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە. تەوەرەی سێیەم، دابەشبوونی شوێنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانە. تەوەرەی چوارەم، جووڵەی ئێستای گەشتیارانە لەم دوو ناوچەیە لەگەڵ بوونی چەند ئەنجامێک و ڕاسپاردەیەک.

**١- چەمک و زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

**١-١: گەشتیار: Tourist**

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی (WTO) دەربارەی گەشتیار دەڵێ: "گەشتیار ئەو کەسەیە بە مەبەستی ڕابواردن، گەشت بەرەو شوێنێک دەکات کە ماوەی دووریەکەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییەوە (٨٠کم) کەمتر نەبێت. **(علی، ٢٠١٦، ل٨)**

گەشتیار ئەو کەسەیە کە گەشت بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی زێدی خۆی دەکات، ئەمەش بەهەر هۆیەک بێت، گرنگ نییە، بەڵام بە مەبەستی دەستکەوتی مادی و خوێندن نەبێت، لە ناوەوەی وڵاتەکەی بێت یان لە دەرەوە پێویستە (٢٤) کاتژمێر بمێنێتەوە. **(روستی. ٢٠١٠، ل٢٨)**

واتە گەشتیار ئەو کەسەیە کە شوێنی هەمیشەیی خۆی جێدێڵێ ڕوو لە شوێنێکی تر دەکات بە مەستی خۆشی و ڕابواردن بۆ ماوەیەک کەمترنەبێت لە (٢٤) کاتژمێر.

### ١-٢: گەشتوگوزار: Tourism

وشەی گەشتوگوزار (tourism) وەرگیراوە لە وشەی (tuor) ماناکەی لە زمانی ئینگلیزیدا گەشتێکە، کەسێک پێی هەڵدەستێ و گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵ کە دەستی پێکردووە یاخود گەشتێکی بازنەیی، پلان بۆ دانراوە بۆ سەردانیکردنی چەند شوێنێک لە پێناو خۆشی و پشودان و حەوانەوە بە تایبەتی لەکاتی پشووەکان. **(الشرقاوی و الاخرون، ٢٠٠٦، ص٣)**

ڕێکخراوی گەشتیاری نێودەوڵەتی (WTO) بەم شێوەیە پێناسەی گەشتوگوزار دەکات: چالاکییەکانی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەفەر دەکەن و نیشتەجێ دەبن لە دەرەوەی ژینگەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی چەند کارێک یان بەسەربردنی کاتی بەتاڵ یان بە مەبەستی تر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جووڵەیەکی کاتی. **(Medlik.2003.p.vii)**

واتە گەشتوگوزار ئەو چالاکییەیە کە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی پشوودان لە شوێنێک جیاواز لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆیان.

### ١-٣: خۆشگوزەرانی (Recreation):-

خۆشگوزەرانی بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە کە دەروون حەزی پێدەکات هەروەها ئەو بنچینەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕۆشنی ژیان بۆ گێڕانەوەی تێکڕای وزە و گەشەپێدانی توانای بیری،

کۆمەڵایەتییەکان و جەستەییەکانی تاک بێ ئەوەی ئەم چالاکییە لە شێوەی ئەرکدابێت. **(عومەر، ٢٠٠٦، ل٣٣)**

واتە خۆشگوزەرانی بریتییە لەو چالاکییانەی کە مرۆڤەکان حەزی پێدەکەن بۆ گێڕانەوەی وزە و توانا جەستەییەکان کە بەهۆی کار و پیشەوە لەدەستیانداوە.

**١-٤: دەستبەتاڵی (Leisur):-**

زاراوەی (Leisur) لە ڕووی زمانییەوە لە دەربڕینی لاتینییەوە وەرگیراوە (leicer) واتە مرۆڤ دەبێت ئازادبێت، واتە مرۆڤ کاتێکی ئازادی لەبەردەستدایە، یان ڕێگەی پێدراوە بۆ هەر شتێک کە ئەنجامی دا و چێژی لێ وەربگرێ. **(دیوانە، ٢٠٠٨، ل١١)** هەروەها پێ دەچێت زاراوەی فەرەنسیش لەم وشەیە (Loisir)وەرگیرابێ کە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە (تۆ ئازادی لە کارەکەت) کە لە بنچینەدا بە مانای توانست و پڕۆگرامە تایبەتەکانی هەر کەسێکی نەدار کە هەوڵی چێژ دەدات بۆ ڕزگاربوونی کاتی ماندوێتیی ژیانی شار. **(سەعید، ٢٠١٤، ل٢٢١)**

واتە دەستبەتاڵی ئەو کاتە زیادەیە کە مرۆڤ لە دوای کاری فەرمی هەیەتی دەتوانێ چێژی لێوەربگرێت بە مەستی پشوودان و حەسانەوە بۆ دەربازبوون لە کاتی ماندوێتیی ژیانی شار.

**٢- ناساندنی ناوچەکانی توێژینەوە (سۆران و ڕواندز)**


**٢-١: شوێنی فەلەکی و جوگرافیی قەزای سۆران:**

قەزای سۆران دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، سەنتەری ئەو قەزایە نزیکەی ١٠٥کم [١] لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە و نزیکەی ٧٥کم لە سنووری نێودەوڵەتیی عێراق-ئێرانەوە دوورە،

له ڕووی کارگێڕییەوە لە ناحیەکانی (سیدەکان، دیانا، سەنتەر، خەلیفان) پێکهاتووە. **(ڕواندزی و هەنارەیی، ٢٠١٧، ل١٧٣)**، ڕووبەرەکەی (٢١٢٩کم) دووجایە و ڕێژەی (١٥،٧٧٪)لە ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێکدێنێت کە بریتیە لە١٥٤٢٠کم، **(دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢١)**.

له ڕووی شوێنی فەلەکییەوە شاری سۆران دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەکانی پانی (٧.٥. ٢٦. ٣٦– ٣١. ١١. ٣٧)ی باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (٥٦. ١٣. ٤٤– ١٨. ٥٤. ٤٤)ی ڕۆژهەڵات. **(ڕواندزی و هەنارەیی، ٢٠١٧، ل١٧٣)**. بەرزیی شاری سۆران لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە نێوان (٧٠٠م) دایە، کە نزمترین شوێنی دەکەوێتە بەشەکانی ڕۆژئاوای کە هێڵی کەنتۆری (٥٦٠م) پێدا تێپەڕ دەبێت، تاوەکو بەرەو باکوور و وباکووری ڕۆژئاواش برۆین وردە وردە بەرزییەکەی زیاد دەبێت **(عبدالرحمن، ٢٠١٦، ل٩)**. ژمارەی دانیشتوانی (٢٠٥٢٦٨) کەسە (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سۆران، ٢٠٢٠). نەخشەی ژمارە(١).

نەخشەی ژمارە(١)شوێنی فەلەکی و جوگرافی قەزای سۆران




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.7، بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی GIS.٢٠٢١

## ٢-٢: شوێنی فەلەکی و جوگرافیی قەزای ڕواندز:


ئەم قەزایە کەوتۆتە سنووری باکووری ڕۆژئاوای چیای برادۆست بە بەرزیی (٢٠٥٨م)، بەشەکانی باکووری پێکدێت لە گردۆڵەکانی دیانا و چیای نزاری شێخانی (١٢٠٨م) و چیای تاتان (١٨٤٠م) بەرزە، لە ڕۆژهەڵاتیش سنوورەکەی چیای تەلانە بە بەرزی (١٩٠٨م) و چیای دەرگەڵە (١٧٤٩م) بەرزە، سنووری ڕۆژهەڵاتی تێپەڕ دەکات بە گوندی

ماویلیان، سنوورەکەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای کارۆخە بەبەرزی (٢٦٨٣م) و کونە بەمران بە بەرزی (٢٤٠٤م)، کە ئەمەش دەکەوێتە باشووری هێڵی سنوورەکەی بە هەردوو گوندی (گەرەوانی ژوور و گرتۆک) تێدەپەڕێت، و لە ڕۆژئاوایدا شارۆچکەی خەلیفانە لەگەڵ ڕۆژئاوای چیای هەریر، و هێڵی سنووری ڕۆژئاوی بە هەردوو گوندی (سرێشمە-جۆلەمێرگ) تێپەڕدەبێت. **(ئۆمەر،٢٠٠٦، ل١٤)، و** لە دوو ناحیە پێکهاتووە ئەوانیش سەنتەری قەزا لەگەڵ ناحیەی وەرتێ.

قەزای ڕواندز لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٦،٣١- ٣٦،٤١ پلە) لە باکوور، و هێڵی درێژی (٤٤،٢٥-٤٤،٣٩پلە)، لە ڕۆژهەڵات دەکەوێتە دووری (١١٠)کم[٢] لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە، ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە (قەزای ڕواندز) نزیکەی (٣٨٨،٥کم) دووجایە کە دەکاتە (٢٪) لە ڕووبەری پارێزگای هەولێر کە بریتییە لە (١٥٤٢٠کم) دووجا. **(ڕواندزی و دیوانە، ٢٠١٦، ص٦)** هەروەها بەرزیی شاری ڕواندز لە ئاستی ڕووی دەریاوە (١٠٠٦م)ە. **(کەشناسی سۆران، ٢٠٢١)** ژمارەی دانیشتوانی (٢٨٠٢٨) کەسە. (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سۆران، ٢٠٢٠). نەخشەی ژمارە(٢)

نەخشەی ژمارە(٢)

شوێنی فەلەکی و جوگرافی قەزای ڕواندز




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.7، بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی GIS.٢٠٢١

## ٣- دابەشبوونی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی قەزای سۆران و ڕواندز:

ناوچەکانی لێکۆڵینەوە چەندین شوێنی گەشتوگوزاری گرنگی لێیە کە بایەخێکی گەشتوگوزاری گرنگیان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و پارێزگای هەولێر هەیە.

**گرنگترین شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە ئەمانەن:**

**٣-١: هاوینەهەواری گەلی علی بەگ**

ئەم هاوینەهەوارە ٩٥کم لە ناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە، لە نێوان دوو چیا هەڵکەوتووە. لە ڕۆژهەڵاتی چیای کۆڕەکە کە بەررزیەکەی (٢١٢٥م)ە و لە باکووری ڕۆژئاوایدا چیای برادۆستە (٢.٥٨م)، دەکەوێتە سەر ڕێگای ستراتیجیی هاملتۆن، ڕووبارێکی پێدادەڕاوت کە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەرسێ ڕووباری (ڕواندز و باڵەکیان و خەلیفان) پێدێت، نزیکەی (٨٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە **(الصفار، ٢٠١٩، ص٣٢)**، سروشتێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، خزمەتگوزارییەکانی هاوینەهەواری گەلی علی بەگ بە شێوەیەکی سەردەمیانە نۆژەنکراونەتەوە و جوانکاری بۆ کراوە، کۆمەڵێک کەپر بە درێژایی گەلی دانراون کە درێژی نزیکەی (١٢کم)ە، لەگەڵ بوونی ژمارەیەک چێشتخانە و گازینۆ. هەروەها تاڤگەکەشی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە، ناوبانگێکی باشی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە وێنەکەی لەسەر دراوی عێراقی (٥٠٠٠) دانراوە. نەخشەی ژمارە(٣). هەروەها هاوینەهەواری کانی مارانیش دەکەوێتە ناو گەلی علی بەگ و (٩٧کم) لە شاری هەولێرەوە دوورە، ئاوی کانی ماران لە بەرزایی چیای برادۆست دێتە خوارەوە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە **(مامو، ٢٠١٦، ص ١٥٠)**وێنەی ژمارە(١).

**وێنەی ژمارە(١)شەلالی گەلی علی بەگ و کانی ماران**




سەرچاوە/ ئەم وێنانە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٢ گیراوە لەلایەن توێژەر.

## ٣-٢: هاوینەهەواری (پانکی) گەشتیاری:

ئەم هاوینەهەوارە بە دووریی (١١٠کم) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر و بە چەند زنجیرەیەکی چیایی وەکو (چیایی کۆڕەک- چیای هەندرێن- چیای برادۆست) دەورەدراوە و لەگەڵ تاقگەی بێخاڵ درێژ دەبێتەوە، و (٣کم) لە شاری ڕواندز دوورە، هاوینەهەواری (پانک) دەکەوێتە سەر بەرزاییەک کەوا بەرزییەکەی لە ئاستی ڕووی دەریا نزیکەی (١١٠٠)م دەبێت، ڕووبەری هەموو ناوچە گەشتیارییەکە (٨٠٠٠٠٠)م دووجایە کە نزیکەی (٣٢٠) دۆنمە، ژمارەیەکی زۆر لە موتێلەکان لەخۆدەگرێت کە نزیکەی (١٢٠) ڤێلایە لەوانەش (٦) ڤێلای (VIP)یە. **(حسین،٢٠١٥، ص٨٦)**. وێنەی ژمارە (٢)

وێنەی ژمارە(٢) هەوارگەی پانکی گەشتیاری



سەرچاوە/ ئەرشیفی گەشتوگوزاری سۆران٢٠٢٠

### ٣-٣: کۆمەڵگا و تەلەفریکی کۆڕەک:

بە دووری نزیکەی (١٠٢کم) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە نێوان هاوینەهەواری بێخاڵ و قەزای ڕواندز بۆ سەر چیای کۆڕەک درێژدەبێتەوە. **(ڕێبەری گەشتیاری، ٢٠١٥، ل٦٤)**. نزیکەی (٥کم) لە ناوەندی قەزای ڕواندز دوورە، و ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٢٠٠٠٠٠)م دووجا، لە ساڵی ٢٠١٠ز ئەو کۆمەڵگایە بنیادنراوە، و لە ساڵی ٢٠١٢ تەلەفریک کراوەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٣ شوقەی نیشتەجێبوونی لێ دروستکراوە، و ڕووبەرەکەی هەر لە هاوینەهەواری بێخاڵ درێژدەبێتەوە تا دەگاتە لوتکەی چیای کۆڕەک، و درێژیی تەلەفریکی کۆڕەک (٤کم)ە و بەرزی (٧٥م)ە، لەگەڵ لوتکەی چیای کۆڕەکە. **(دیوانە و الرواندزی، ٢٠١٧، ص٧)**.وێنەی ژمارە(٣).

وێنەی ژمارە(٣) كۆمەڵگا و تەلەفریكی كۆڕەك





سەرچاوە/ ئەرشیفی گەشتوگوزاری سۆران٢٠٢٠.

### ٣-٤: بێخاڵ:

ئەم شوێنە گەشتیارییە دەكەوێتە چیای كۆڕەك، و تاڤگەی بێخاڵ وەك خۆی هاوینەهەوارێك پێكدەهێنێت، و دوورییەكەی لە سەنتەری قەزای ڕواندز نزیكەی (٧كم)ە، و ڕووبەرەكەشی دەگاتە (٣٥٢٦٠)م چوارگۆشە، و دوای ساڵی٢٠١٠ چەند پڕۆژەیەكی گەشتیاری لێ بنیات نرا لەوانەش دوو ئوتێل، كە ئوتێلی (ساهر) پێكدێت لە (٧٠) ژوور و ئوتێل مازیار بە توانای لە خۆگرتنی (٢٢٠) گەشتیاری ڕۆژانە لەلایەك و لەلاكی

تریشەوە شوێنەکە (٩) موتێل لەخۆدەگرێت. ئەو تاڤگە سروشتییە لە ناوەندی چیاوە هەڵدەقوڵێ و بە دیمەنە سروشتییە سەرنجڕاکێش و جوانەکانەوە جیا دەکرێتەوە، بە شێوەیەک هەزاران گەشتیاری ناوخۆ و دەرەکی بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ خۆی ڕادەکێشێ. **(دیوانە و الرواندزی، ٢٠١٩، ص٢٢)** وێنەی ژمارە(٤).

وێنەی ژمارە(٤)هاوینەهەواری بێخاڵ و ئوتێل مازیار لە بێخاڵ






سەرچاوە/ ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٢ گیراوە لەلایەن توێژەر.

**٣-٥: جونديان:**

دەکەوێتە خواروی چیای هەندرێن و بە نزیکەی (٦کم) لە ناوەندی شاری ڕواندز، و ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٣٤٣٥)م دووجا، و پڕۆژە گەشتیارییەکان لەو هاینەهەوارە لە ساڵی ٢٠١١ دەستیان پێکردووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە نزیکەی (٢٦) موتێل و بە توانای لەخۆگرتنی (١٢٠) گەشتیار لە ڕۆژێکدا، و هاوینەهەوارەکە بەوە جیادەکرێتەوە کەوا خواروی چیاکەوە کانی سەرنجڕاکێشی تێدایە لە بە شێوەیەک کەوا ئاو لە ئەشکەوتەوە هەڵدەقوڵێ بە قوڵیی نزیکەی (٥٠)م، و تا ئێستاش نەزانراوە کەوا چۆن کانیەکە وشک دەبێت هەندێک جار و پاشان لەناکاو ئاوی بۆ دەگەڕێتەوە لە وەرزی بەهاردا، هاوینەهەواری جوندیان لە ناوچەکەدا بە یەکێک لە ناوچە گەشتیارییە سەرەکییەکان دادەنرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی و چڕیی داروبارە جوانەکەی و بەهۆی کەش و هەوای هاوسەنگی لەماوەی مانگەکانی هاویندا، ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم ساڵانە سەردانی دەکەن. **(دیوانە و الرواندزی، ٢٠١٩، ص٢٣)**.وێنەی ژمارە(٥).

وێنەی ژمارە(٥)هاوینەهەواری جوندیان




سەرچاوە/ ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٧ گیراوە لەلایەن توێژەر.

**٣-٦: هاوینەهەواری وەرتێ:**

ئەمەش یەکێکە لە هاوینەهەوارەکانی ناحیەی وەرتێ، کە لە ڕووی دابەشبوونی شوێنی جوگرافییەوە، لە بەشی خۆرهەڵات دەکەوێتە ناو سەنتەری ناحیەوە، پێکهاتووە لە چەند شوێنێکی خێزانی لەسەر ڕووباری وەرتێ و چەند کانیاوێکی سازگاری لێیە و داپۆشراوە بە دارگوێز و چنار

ئەم دارانەش دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش بە ناوچەکە دەبەخشن، جگە لەپاککردنەوەی ژینگە و دروستکردنی کەشێکی خۆش و فێنک بەهۆی سێبەری دارەکان. **(ئەحمەد، ٢٠١٧، ل ١٣٤)** وێنەی ژمارە(٦). یەکێکی تر لە شوێنە گرنگەکانی وەرتێ، مەکێ وەرتێیە کە یەکێکە لە گرنگترین هاوینەهەوارەکانی ناحیەی وەرتێ، کە لە ڕووی دابەشبوونی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی وەرتێ بە دووری (٥کم) لە سەنتەری ناحیە، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دامێن بناری چیای کارۆخ کە بە دارگوێزی بەرز و چەند کانیاوێکی سەرنجڕاکێش و سازگار داپۆشراوە، ئەم ناوچەیە نزیکەی (٢٠٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە. **(مەستی، ٢٠١٨، ل ١٢٤)**


وێنەی ژمارە (٦)هاوینەهەواری وەرتێ





سەرچاوە/ ئەم وێنانە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٨ گیراون لەلایەن توێژەر.

نەخشەی ژمارە(٣)شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ,Arc Gis 10.7، بە پشتبەستن بە وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی GIS.بەکارهێنانی gps بۆ دەستنیشانکردنی شوێنە گەشتیاریەکان لەسەر نەخشە.

## ٤- جووڵەی گەشتیاران لە قەزای سۆران و ڕواندز:

لەم باسەدا دەمانەوێت شیکردنەوەیەکی ئێستایی جووڵەی گەشتیاران بۆ ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بکەین، لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی کە ژمارەیان (٣٠٠) فۆڕم بوو کە بەسەر (٦) شوێنی گەشتیاری دابەشمانکردوون بۆ هەر شوێنێک (٥٠) فۆڕم بە ڕێگەی هەڕەمەکی لە وەرزی هاوین لە ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی لەبەرئەوەی لەم دوو ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە دەکەن، ئەنجامی فۆڕمەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەنەتەڕوو:

### یەکەم/ زانیاریی گشتی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە

**١-١:** سەبارەت بە شوێنی هاتنی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (١) دیارە زۆرترین ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچە گەشتوگوزاریەکان، گەشتیارانی پارێزگای هەولێرن بە گشت قەزا و ناحیەکانیەوە کە ژمارەیان (١١٦) گەشتیارن بە ڕێژەی (٣٨.٧٪) ئەمەشیان زیاتر بۆ هۆکاری نزیکیی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی لە شوێنی گەشتیاران دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشتیاران و شوێنی هەمیشەییان هەیە، تاکو شوێنەکە نزیکتر بێت گەشتیاران زیاتر ڕووی تێدەکەن، لەدوای گەشتیارانی پارێزگای هەولێر گەشتیارانی پارێزگای سلێمانی دێن بە پلەی دووەم کە ژمارەیان (٥٠) گەشتیارە بە ڕێژەی (١٦.٧٪)، لەدوای ئەوانیش گەشتیارانی خوارووی عێراق دێن، لە پلەی سێیەم گەشتیارانی پارێزگای بەغداد دێن کە (٣٢) گەشتیارن بە ڕێژەی (١٠.٧٪)، لەدوای بەغداد گەشتیارانی پارێزگای موسڵ دێن کە (٢٤) گەشتیاردەبێت بە ڕێژەی (٨٪)، لەدوای ئەمانیش گەشتیارانی پارێزگاکانی (دهۆک و ئەنبار و بەسرا و کەرکوک و هەڵەبجە دیالە دێن بە ڕێژەی

(٧.٣٪، ٧٪، ٥،٧٪ ٣.٧٪، ١.٣٪ ١٪) بۆ هەریەکێکیان بەدوای یەکدا. هەروەها پاش بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) تێستی (Chi Square) وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دا دیارە پەیوەندییەکی ئاماریی بەهێز هەیە لە نێوان شوێنە گەشتوگوزاریەکان و گەشتیارانی هاتوو لەبەرئەوەی بەهای (Chi-Square= 66.102)، و بەهای ( Value=.001) بچووکترە لە (٠.٠٥). (Antony &walker, 1995, p61)

**١-٢:** سەبارەت بە ڕەگەزی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەی ژمارە (١ دا دیارە ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێینە، کە ڕەگەزی نێرینە ژمارەیان (٢٠١) گەشتیارە بە ڕێژەی (٦٧٪)، ڕەگەزی مێینەش ژمارەیان (٩٩) گەشتیارە بە ڕێژەی (٣٣٪)، ئەم جیاوازییەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە ڕەگەزی نێرینە ئازادیی زیاترە و لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆن بەراورد بە ڕەگەزی مێینە، سەرباری ئەمەش دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاین ڕێگرە لەبەردەم ڕەگەزی مێینە کە بەتەنیا گەشت بکەن. لە خشتەی ژمارە (٣)دا دیارە پەیوەندیی ئاماری نییە لە نێوان ڕەگەزی گەشتیاران و شوێنە گەشتوگوزارییەکان بە بەهای (Chi-Square=3.317[a])، و بەهای ( Value=.617)، ئەم بەهایەش بەرزترە لە (٠.٠٥)، واتە گریمانەی جێگرەوە قبوولدەکەین لەبەرئەوەی ڕەگەزی نێر زیاتر گەشتدەکەن.

**١-٣:** سەبارەت بە باری خێزانی وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دیارە، ئەوانەی خێزاندارن بەرزترین ڕێژەی گەشتیاران پێکدێنن کە ژمارەیان (١٥٠) گەشتیارە بە ڕێژەی (٥٠٪)، و ئەوانەی سەڵتن لەپلەی دووەم دێن کە ژمارەیان (١٣٨) گەشتیارە بە ڕێژەی (٤٦٪)، و ئەوانەی بێوەپیاون یاخود بێوەژنن کە ژمارەیان (١٢) گەشتیارە بە ڕێژەی (٤٪).

**١-٤:** سەبارەت بە دەستەی تەمەنەکان وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا دیارە زۆرترین ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٥)ساڵدایە کە ژمارەیان (١١٠) گەشتیار دەبێت بە ڕێژەی (٣٦.٧٪)، و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٥) ساڵدایە لە پلەی دووەم دێن کە ژمارەیان (٩٨) گەشتیار دەبێت بە ڕێژەی (٣٢.٧٪)، لەدوای ئەوانیش ئەو گەشتیارانەی تەمەنیان لە نێوان (٣٦-٤٥) ساڵدایە لە پلەی سێیەم دێن کە ژمارەیان (٤٨) گەشتیارە بە ڕێژەی (١٦٪)، و ئەو گەشتیارانەی کە تەمەنیان لە (٤٥ ساڵ بەسەرەوەیە) لە پلەی کۆتایی دێن کە ژمارەیان (٤٤) گەشتیارە بە ڕێژەی (١٤.٦٪).

**١-٥:** سەبارەت بە پیشەی گەشتیاران کە سەردانی شوێنە گەشتوگوزارییەکانیان کردووە، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا دیارە زۆرترین ڕێژەی گەشتیاران ئەو گەشتیارانەن کە فەرمانبەری حکومین کە ژمارەیان (١٠١) گەشتیار دەبێت بە ڕێژەی (٣٣.٧٪) لە دوی ئەوانیش گەشتیارانی کەرتی تایبەت دێن کە ژمارەیان (٦٥) گەشتیارە بە ڕێژەی (٢١.٧) ئەوانیش خاوەن داهاتی خۆیانن بۆیە توانای گەشتکردنیان هەیە، لە دوای کەرتی تایبەت قوتابیان بە پلەی سێیەم دێن کە ژمارەیان (٥٢) گەشتیار دەبێت بە ڕێژەی (١٧.٣٪) ، لە دوای ئەوانیش بێکارەکان دێن بە ڕێژەی (١٤٪)، لە دوای بێکارەکان ژنی ماڵەوە دێت بە ڕێژەی (٩٪)، لە کۆتاییدا خانەنیشینەکان دێن بە ڕێژەی (٤.٣٪).

**١-٦:** سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریی گەشتیاران وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دیارە بەرزترین ڕێژەی گەشتیاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن کە ژمارەیان (١٠٠) گەشتیارە بە ڕێژەی (٣٣.٤٪)، لە دوای ئەوانیش دەرچووانی ئامادەیی دێن لە پلەی دووەم کە ژمارەیان (٧٢) گەشتیارە بە ڕێژەی (٢٤٪)، لە دوای ئەوانیش لە پلەی سێیەم ئەوانەی

دەنووسین و دەخوێننەوە دێن کە ژمارەیان (٦٤) گەشتیارە بە ڕێژەی (٢١.٣٪)، پاشان دەرچووانی بنەڕەتی دێن کە ژمارەیان (٤٨) گەشتیاردەبێت بە ڕێژەی (١٦٪)، دوای ئەمان دەرچووانی خوێندنی باڵا دێن بە ڕێژەی (٣.٦٪)، لە کۆتاییدا نەخوێندەوارەکان دێن بە ڕێژەی (١.٧٪).

خشتەی ژمارە (١)

زانیاریی گشتیی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبووەکان | کۆی گشتی٪ |
|---|---|---|---|
| ١-شوێنی گەشتیاری هاتوو | هەولێر | ١١٦ | ٣٨.٧ |
| | سلێمانی | ٥٠ | ١٦.٧ |
| | بەغداد | ٣٢ | ١٠.٧ |
| | موصل | ٢٤ | ٨ |
| | دهۆک | ٢٢ | ٧.٣ |
| | انبار | ٢١ | ٧ |
| | بەصرا | ١٧ | ٥.٦ |
| | کەرکووک | ١١ | ٣.٧ |
| | دیالە | ٣ | ١ |
| | هەڵەبجە | ٤ | ١.٣ |
| ٢-ڕەگەزی گەشتیاران | نێر | ٢٠١ | ٦٧ |
| | مێ | ٩٩ | ٣٣ |
| ٣- باری خێزانی | سەڵت | ١٣٨ | ٤٦ |
| | خێزاندار | ١٥٠ | ٥٠ |
| | هی تر | ١٢ | ٤ |
| ٤- دەستەی تەمەن | ١٨-٢٥ | ٩٨ | ٣٢.٧ |
| | ٢٦-٣٥ | ١١٠ | ٣٦.٧ |
| | ٣٦-٤٥ | ٤٨ | ١٦ |
| | ٤٥ بەسەرەوە | ٤٤ | ١٤.٦ |
| ٥- پیشە | فەرمانبەری حکومی | ١٠١ | ٣٣.٧ |
| | کەرتی تایبەت | ٦٥ | ٢١.٧ |
| | قوتابی | ٥٢ | ١٧.٣ |
| | خانەنیشین | ١٣ | ٤.٣ |
| | بێکار | ٤٢ | ١٤ |
| | ژنی ماڵەوە | ٢٧ | ٩ |
| ٦- ئاستەکانی خوێندن | نەخوێندەوار | ٥ | ١.٧ |
| | خوێندن و نوسین | ٦٤ | ٢١.٣ |
| | بنەڕەتی | ٤٨ | ١٦ |
| | ئامادەیی | ٧٢ | ٢٤ |
| | زانکۆ و پەیمانگا | ١٠٠ | ٣٣.٤ |
| | خوێندنی باڵا | ١١ | ٣.٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

خشتەی ژمارە(٢) تاقیکردنەوەی (Chi-Square) بۆ گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکانی لێکۆلینەوە

| بەهای P-Value | بەهای ئازاد | بەهای Chi-Square |
|---|---|---|
| 0.001 | 45 | 66.102 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١) بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)

خشتەی ژمارە(٣) تاقیکردنەوەی (Chi-Square) بۆ ڕەگەزی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکانی لێکۆلینەوە

| بەهای P-Value | بەهای ئازاد | بەهای Chi-Square |
|---|---|---|
| 0.617 | 5 | 3.317 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١) بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

### ٢- تایبەتمەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان

ئەو زانیارییانەی کە لە خشتەی ژمارە (٤) دا هاتوون کە تایبەتە بە تایبەتمەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**٢-١:** وەک لە خشتەی پێشوو باسمان کرد زۆرترین ڕێژەی گەشتیاری هاتوو بۆ ناوچەکانی لێکۆڵینەوە گەشتیارانی پارێزگای هەولێرن زۆرترینی ئەم ڕێژەیە هاتوونەتە هاوینەهەواری بێخاڵ بە ڕێژەی (٨.٢٪)، نزمترین ڕێژەش لەو گەشتیارانەی پارێزگای هەولێر سەردانی هاوینەهەواری وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٣.٢٪). گەشتیارانی پارێزگای سلێمانی کە لە پلەی دووەم دێت زۆرترینی سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٦٪)، کەمترین ڕێژەشی سەردانی هاوینەهەواری جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (١.٢٪). سەبارەت بە گەشتیارانی پارێزگای بەغداد کە لە پلەی سێیەم دێت، ئەوا زۆرترینی ئەو گەشتیارانەی کە لە پارێزگای بەغداد هاتوون سەردانی گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەریەکێک لەم دوو شوێنە گەشتوگوزارییە، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی هاوینەهەواری وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٠.٨٪)، گەشتیارانی پارێزگای موسڵ لە پلەی چوارەم دێن، کە زۆرترینی گەشتیارانی پارێزگای موسڵ سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵ و گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر یەک لەو شوێنە گەشتوگوزارییانە، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی هەوارگەی پانک و وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٠.٣٪)، لە پاشاندا گەشتیارانی پارێزگای دهۆک دێن لە پلەی پێنجەم، زۆرترینیان سەردانی گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر شوێنێکیان، کەمترین ڕێژەش سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٠.٦٪). گەشتیارانی پارێزگای ئەنبار لە پلەی شەشەم دێن، زۆرترینی سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٢٪)، بۆ شوێنەکانی تر بە شێوەیەکی یەکسان بووە بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر شوێنێکیان. گەشتیارانی پارێزگای بەسرا لە پلەی حەوتەم، زۆرترینیان سەردانی بێخاڵ و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٢٪)، هیچیان سەردانی هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێیان نەکردووە. گەشتیارانی کەرکوک لە پلەی هەشتەم کە

زۆرترینیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (١٪) هیچیان سەردانی جوندیان و هەوارگەی پانکیان نەکردووە.  پارێزگای دیالە کە لە پلەی نۆیەم دێن زۆرترینی سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە پاشان سەردانی بێخاڵیان کردووە. گەشتیارانی هەڵەبجە لە کۆتاییدا دێن ئەوانیش سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵیان کردووە.

**٢-٢:** سەبارەت بە ڕەگەزی گەشتیاران وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە ڕەگەزی نێرینە لە پلەی یەکەم دێت لە گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە زۆرترینی سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (١٥.٧٪)، کەمترین ڕێژەشی سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٥٪). ڕەگەزی مێینە کە ڕێژەکەی دوو بەرانبەر لە ڕەگەزی نێرینە کەمترە، بەهەمان شێوەی ڕەگەزی نێرینە زۆرترینی سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٨.٢٪)، کەمترین ڕێژەشی سەدانی کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر شوێنێکیان.

**٢-٣:** سەبارەت بە دەستەی تەمەنەکان کە سەردانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٥)ساڵدایە، زۆرترینیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٩.٧٪) کەمترین ڕێژەش سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٥)ساڵدایە لە پلەی دووەم دێن، زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٩.٢٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی هاوینەهەواری جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (١.٣٪). و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٣٦-٤٥) ساڵدایە لە پلەی سێیەم دێن، زۆرترینیان سەردانی گەلی علی بەگیان کردووە بە ڕێژەی (٤٪)، کەمترینیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (١٪). و ئەوانەی تەمەنیان لە (٤٥ ساڵ

بەسەرەوەیە) لە پلەی کۆتاییدا دێن زۆرترینیان سەردانی گەلی علی بەگ و جوندیان و وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە.

**٢-٤:** سەبارەت بە باری خێزانی وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا هاتووە لەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە، خێزاندارەکان بەرزترین ڕێژەی گەشتیاری ناوچەکانی لێکۆڵینەوە پێکدێنن زۆرترینیان سەردانی هاوینەهەواری وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (١٦٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی گەلی علی بەگیان کردووە بە ڕێژەی (٣٪). سەڵتەکان لە پلەی دووەم دێن زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (١١٪) کەمترین ڕێژەیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٥٪). بێوەپیاوەکان یاخود بێوەژنەکان کەمترین ڕێژەی گەشتیاران پێکدێنن لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪)، هیچیان سەردانی جوندیان و هەوارگەی پانک و کۆڕەکیان نەکردووە.

**٢-٥:** سەبارەت بە پیشەی گەشتیاران وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە، لە گەشتیارانەی سەردانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە، فەرمانبەرانی حکومی لە پلەی یەکەم، زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٦.٧٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٣٪). کەرتی تایبەت لە پلەی دووەم دێت زۆرترینیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٥٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی گەلی علی بەگیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). قوتابیان لە پلەی سێیەم دێن زۆرترینیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٦٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (١٪). لە پلەی چوارەم بێکارەکان دێن زۆرترینیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٤٪)، کەمترین ڕێژەش سەردانی

جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (١٪). ژنی ماڵەوە لە پلەی پێنجەم دێن زۆرترینیان سەردانی بێخاڵ و گەلی علی بەگ و هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەریەکێکیان. خانەنیشینان لە پلەی کۆتاییدا دێن، زۆرترینیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪)، ئەوانی تریش سەردانی بێخاڵ و گەلی علی بەگیان کردووە.

**٢-٦:** سەبارەت بە ئاستەکانی خوێندنی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا هاتووە بۆمان دەردەکەوێت دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەرزترین ڕێژەی گەشتیار پێکدێنن، کە زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٨٪)، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی وەرتێان کردووە بە ڕێژەی (٣.٤٪). خوێندن و نووسین لە پلەی دووەم دێت زۆرترینیان سەردانی جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی بە ڕێژەی (٥٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). دەرچووانی ئامادەیی لە پلەی سێیەم دێن زۆرترینیان سەردانی هەوارگەی پانکیان کردووە بە ڕێژەی (٦٪) کەمترینیان سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). دەرچووانی بنەڕەتی لە پلەی چوارەم دێن، زۆرترینیان سەردانی گەلی علی بەگ و هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). دەرچوونی خوێندنی باڵا لە پلەی بێنجەم دێن، زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٢.٣٪) و گەلی علی بەگ بە ڕێژەی (١.٣٪). لە پلەی کۆتاییدا نەخوێندەوارەکان دێن بە ڕێژەی (١.٧٪) کە سەردانی بێخاڵیان کردووە.
وەک لە خشتەی ژمارە (٥)دا هاتووە پەیوەندییەکی ئاماری نییە لە نێوان ئاستی خوێندەواری و گەشتیاران بە پێی تێستی ( **Chi-Square Tests**)بە بەهای ($12.947^{a}$) و بەهای (Value=.198) ئەم بەهایەش

گەورەترە لە (٠.٠٥) لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی حەز و ئارەزووی گەشتکردنان هەیە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانن.

**٢-٧:** سەبارەت بە داهاتی مانگانەی ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە، وەک لەخشتەی ژمارە (٤)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو گەشتیارانەی داهاتیان لە نێوان (٥٠١٠٠٠-٧٥٠٠٠٠)دایە لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٢١.٦٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٦٪) کەمترینیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). ئەو گەشتیارانەی داهاتیان لە نێوان (٧٥١٠٠٠-١٠٠٠٠٠٠)دایە لە پلەی دووەم، زۆرترینیان سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٥٪)، کەمترین ڕێژەیان سەردانی جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). ئەو گەشتیارانەی کە داهاتیان لە نێوان (٢٥١٠٠٠-٥٠٠٠٠٠)دایە لە پلەی سێیەم دێن، زۆرترینیان ڕوویان لە گەلی علی بەگ و هەوارگەی پانک کردووە بە ڕێژەی (٥٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترین ڕێژەشیان ڕوویان کردۆتە کۆڕەکی گەشتیاری بە ڕێژەی (١٪). ئەو گەشتیارانەی داهاتیان لە نێوان (١٠٠٠٠٠٠-١٥٠٠٠٠٠)دایە لە پلەی چوارەم دێن، زۆرترینیان سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٤٪)، کەمترین ڕێژەشیان سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (١.١٪). ئەو گەشتیارانەی کە داهاتیان لە (٢٥٠٠٠٠) کەمترە لە پلەی پێنجەم دێن، زۆرترینیان سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٣.٣٪) کەمترین ڕێژەشیان سەردانی جوندیان و کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. ئەو گەشتیارانەی داهاتیان لە (١٥٠٠٠٠٠) زیاترە لە پلەی کۆتاییدا دێن، زۆرترینیان سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٤٪).

هۆی ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ڕادەیەکی زۆر داهاتی گەشتیاران ڕێژەیەکی مام ناوەندە لە نێوان (٥٠٠هەزار بۆ ٧٥٠٠٠٠هەزار

دینار)دایە، نرخی خزمەتگوزارییەکان لە کۆرەکی گەشتیار زۆر بەرزە بۆیە کەمتر ڕووی تێدەکەن.

خشتەی (٤) تایبەتمەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەشتیارانی هاتوو بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان (٪)

| گۆڕاوەکانی دیمۆگرافی و ئابووری | | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆرەکی گەشتیاری | وەرتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- گەشتیارانی هاتووی پارێزگاکان | هەولێر | ٨.٢ | ٧.٨ | ٤.١ | ٦.٩ | ٨.١ | ٣.٢ | ٣٨.٧ |
| | سلێمانی | ٦ | ٤ | ١.٢ | ١.٥ | ٣ | ١.٣ | ١٦.٧ |
| | بەغداد | ٢ | ٣ | ١ | ٠.٩ | ٣ | ٠.٨ | ١٠.٧ |
| | موصل | ٢ | ٢ | ١.٤ | ٠.٣ | ٢ | ٠.٣ | ٨ |
| | دهۆک | ١ | ٢ | ٠.٧ | ٠.٦ | ٢ | ١ | ٧.٣ |
| | انبار | ١ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٧ |
| | بەصرا | ٢ | ١ | ٠.٧ | – | ٢ | – | ٥.٦ |
| | کەرکوک | ٠.٣ | ٠.٧ | – | – | ٠.٧ | ١ | ٣٠٧ |
| | دیالە | ١.٧ | – | – | – | ٢ | – | ٣.٧ |
| | هەڵەبجە | ١.٣ | – | – | – | – | – | ١.٣ |
| ٢- ڕەگەز | نێر | ١٥.٧ | ١٤.٣ | ٨.٢ | ٨.٦ | ١٥.٢ | ٥ | ٦٧ |
| | مێ | ٨.٢ | ٦.٧ | ٥.٢ | ٦.٩ | ٣ | ٣ | ٣٣ |
| ٣- تەمەن | ١٨-٢٥ | ٩.٢ | ٦.٧ | ١.٣ | ٥.٧ | ٦.٢ | ٣.٦ | ٣٢.٧ |
| | ٢٦-٣٥ | ٥.٣ | ٨.٧ | ٣.٣ | ٩.٧ | ٧.٧ | ٢ | ٣٦.٧ |
| | ٣٦-٤٥ | ٣ | ٤ | ٣ | ٢.٧ | ٢.٣ | ١ | ١٦ |
| | ٤٥ بەسەرەوە | ٢.٦ | ٣ | ٣ | ٢ | ١ | ٣ | ١٤.٦ |
| ٤- باری خێزانی | سەڵت | ١١ | ٨ | ٧ | ٩ | ٦ | ٥ | ٤٦ |
| | خێزاندار | ٥ | ٣ | ١٠ | ١٢ | ٤ | ١٦ | ٥٠ |
| | بێوە | ٢ | ١ | – | – | – | ١ | ٤ |
| ٥-پیشە | فەرمانبەری حکومی | ٦.٧ | ٥ | ٧ | ٦ | ٦ | ٣ | ٣٣.٧ |
| | کەرتی تایبەت | ٤ | ٢ | ٣ | ٥ | ٤ | ٣.٧ | ٢١.٧ |
| | قوتابی | ٣.٣ | ٣ | ٢ | ٦ | ٢ | ١ | ١٧.٣ |
| | خانەنیشین | ١.٣ | ١ | – | – | – | ٢ | ٤.٣ |
| | بێکار | ٢ | ٢ | ١ | ٤ | ٢ | ٣ | ١٤ |
| | ژنیماڵەوە | ١ | ١ | ٢ | ١ | ١ | ٣ | ٩ |
| ٦-ئاستەکانی خوێندن | نەخوێندەوار | ١.٧ | – | – | – | – | – | ١.٧ |
| | خوێندن و نوسین | ٤.٣ | ٣ | ٥ | ٢ | ٣ | ٤ | ٢١.٣ |
| | بنەڕەتی | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٣ | ٣ | ١٦ |
| | ئامادەیی | ٤ | ٥ | ٣ | ٦ | ٢ | ٤ | ٢٤ |
| | زانکۆ وپەیمانگا | ٨ | ٦ | ٤ | ٥ | ٧ | ٣.٤ | ٣٣.٤ |
| | خوێندنی باڵا | ٢.٣ | ١.٣ | – | – | – | – | ٣.٦ |
| ٧-داهاتی مانگانە | کەمتر لە ٢٥٠٠٠٠ | ٣.٣ | ٢ | ١ | ٢ | ١ | ٣ | ١٢.٣ |
| | ٢٥١٠٠٠-٥٠٠٠٠٠ | ٤ | ٥ | ٢ | ٥ | ١ | ٢ | ١٩ |
| | ٥٠١٠٠٠-٧٥٠٠٠٠ | ٦ | ٤ | ٢.٦ | ٣ | ٤ | ٢ | ٢١.٦ |
| | ٧٥١٠٠٠-١٠٠٠٠٠٠ | ٤ | ٤ | ٢ | ٣ | ٥ | ٢.٨ | ٢٠.٨ |
| | ١٠٠٠٠٠٠-١٥٠٠٠٠٠ | ٣ | ٣ | ٢ | ٣ | ٣ | ١.١ | ١٥.١ |
| | زیاتر لە ١٥٠٠٠٠٠ | ١ | ٢ | ١.٢ | ٢ | ٤ | – | ١٠.٢ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

خشتەی ژمارە(٥) تاقیکردنەوەی (Chi-Square) بۆ ئاستەکانی خوێندنی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکانی لێکۆلینەوە

| بەهای Chi-Square | بەهای ئازاد | بەهای P-Value |
|---|---|---|
| 12.947 | 10 | 0.198 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٤) بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) .

**٣- تایبەتمەندییەکانی هۆکارەکانی گواستنەوە و مانەوەی گەشتیاران و پەیوەندی بە شوێنی سەردانیکردن:**

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٦) کە تایبەتە بە هۆکارەکانی گواستنەوە و مانەوەی گەشتیاران و پەیوەندی بە سەردانیکردن ئەوا:

**٣-١:** سەبارەت بە هۆکارەکانی گواستنەوە وەک لە خشتەی ژمارە (٦)دا دیارە گواستنەوەی تایبەت لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (٦٧٪)، لەو ڕێژەیەش گەشتیارانی هاوینەهەواری بێخاڵ لە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (١٥٪) کە گواستنەوەی تایبەت بەکاردێنن و کەمترین ڕێژەش گەشتیارانی جوندیان و وەرتێن بە ڕێژەی (٩٪) بۆ هەریەکێکیان، گواستنەوەی گەشتیاری لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٩.٧٪) کە گەشتیاران بە پاس یاخود مینی پاس سەردانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان کردووە، کە زۆرترینی ئەو ڕێژەیەش، ئەو گەشتیارانەی ئەم جۆرە گواستنەوەیە بەکاردێنن گەشتیارانی بێخاڵن بە ڕێژەی (٥٪) کەمترین ڕێژەش گەشتیارانی کۆڕەکی گەشتیارین بە ڕێژەی (٢٪). گواستنەوەی گشتی لە پلەی کۆتاییدا دێت بە ڕێژەی (١٣.٣٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترینیان ئەو گەشتیارانەی ئەم جۆرە گواستنەوەیە

بەکاردێنن، گەشتیارانی هاوینەهەواری وەرتێ بە ڕێژەی (٤٪)، کەمترین ڕێژەشیان گەشتیارانی هاوینەهەواری جوندیانن بە ڕێژەی (٠.٣٪).

**٣-٢:** سەبارەت بە ڕێژەی سەردانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت، ئەو گەشتیارانەی سێجار یان زیاتر سەردانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانیان کردووە ئەوا لە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (٣٦.٣٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی ئەوانەن کە سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (١٣٪) کەمترین ڕێژەش سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (١.٣٪). ئەوانەی دووجار سەردانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە لە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (٣٤.٧٪) لەو ڕێژەیەش بەهەمان شێوە بەرزترین ڕێژە سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (١١٪) کەمترین ڕێژەش سەردانی وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٢.٧٪). ئەوانەی تەنیا یەکەم جاریان بووە لە پلەی کۆتاییدا دێن بە ڕێژەی (٢٩٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی ئەوانەن کە سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (٨٪)، کەمترین ڕێژەش ئەوانەن کە سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪).

**٣-٣:** سەبارەت بە شوێنی مانەوە کە لە خشتەی ژمارە (٦)دا هاتووە مانەوەی گەشتیاران لە هۆتێل لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٤٣٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژەی گەشتیاران لە هاوینەهەواری بێخاڵ دەمێننەوە بە ڕێژەی (١٧٪)، کەمترین ڕێژەش لە کۆڕەکی گەشتیاری دەمێننەوە بە ڕێژەی (٢٪). مانەوە لە ڤێلا لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٨.٤٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی لە هەوارگەی پانک دەمێننەوە بە ڕێژەی (٩٪)، کۆڕەک و بێخاڵ هیچ ڕێژەیەکیان نییە. هەڵدانی چادر لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١٦.٢٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترین ئەوانەن کە لە هاوینەهەواری وەرتێ دەمێننەوە بە ڕێژەی (٤.٢٪) کەمترین ڕێژەش کۆڕەکی گەشتیارییە

بە ڕێژەی (١٪). مانەوە لای خزم و کەس و هاوڕێ لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (١٤٪) زۆرترینی ئەو ڕێژەیەش لە جوندیانە بە ڕێژەی (٥٪)، کۆڕەکی گەشتیاری هیچ ڕێژەیەکی بەرناکەوێت. هیتر لە پلەی کۆتاییدا دێت بە ڕێژەی (٨.٣٪) کە لە شوێنی تر دەمێننەوە کابینەیە یاخود کەپرە، کە بەرزترین ئەو ڕێژەیەش لە هاوینەهەواری وەرتێ دەمێننەوە بە ڕێژەی (٤٪).

خشتەی ژمارە (٦)

تایبەتمەندیی هۆکارەکانی گواستنەوە و مانەوەی گەشتیاران لە قەزاکانی سۆران و ڕواندز و پەیوەندی بە شوێنی سەردانیکردنەوە

| گۆڕاوەکان | | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆڕەک | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- هۆکارەکانی گواستنەوە | گواستنەوەی تایبەت | ١٥ | ١٣.٣ | ٩ | ١١ | ٩.٧ | ٩ | ٦٧ |
| | گواستنەوەی گشتی | ١ | ٣ | ٠.٣ | ٣ | ٢ | ٤ | ١٣.٣ |
| | گواستنەوەی گەشتیاری | ٥ | ٤ | ٢.٧ | ٣ | ٢ | ٣ | ١٩.٧ |
| ٢- ڕێژەی سەردان | یەک جار | ٢ | ٧ | ٥ | ٤ | ٨ | ٣ | ٢٩ |
| | دووجار | ١١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٣ | ٢.٧ | ٣٤.٧ |
| | سێ جار | ١٣ | ٩ | ٧ | ٣ | ١.٣ | ٣ | ٣٦.٣ |
| ٣- شوێنی مانەوە | ئوتێل | ١٧ | ٨ | ٤ | ٥ | ٢ | ٧.١ | ٤٣.١ |
| | ڤێلا | – | ١.٤ | ٦ | ٩ | – | ٢ | ١٨.٤ |
| | لای خزم و کەس و هاوڕێ | ٢ | ١ | ٥ | ٤ | – | ٢ | ١٤ |
| | هەڵدانی چادر | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ١ | ٤.٢ | ١٦.٢ |
| | کەپر | – | ١ | ٢ | ١ | – | ٤ | ٨.٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

**٤- تایبەتمەندیی کاتی گونجاو بۆ گەشتکردن بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە:**

لە خشتەی ژمارە (٧) کە تایبەتە بە تایبەتمەندیی کاتی گونجاو بۆ گەشتکردنی بۆ ناوچەکانی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت، کۆتایی هەفتە زۆرترین ڕێژەیە (٦٦.٧٪) کە گەشتیاران گەشتیان تێدا ئەنجامداوە بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان، لەو ڕێژەیەش زۆرترینی سەردانی بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (١٥.٦٪) کەمترینی سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە (٧٪). وەرزی هاوین لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٩.٣٪) کە گەشتیاران گەشتیان تێدا ئەنجامداوە، لەو ڕێژەیەش زۆرترینی سەردانی بێخاڵ و وەرتێیان کردووە بە ڕێژەی (٥٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترینیان سەردانی هەوارگەی پانک و جوندیانیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر یەکێکیان. ئەو گەشتیارانەی هەموو کاتێک سەردانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووە لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (٦٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی سەردانی گەلی علی بەگیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). لە کاتی جەژن و کەرنەڤاڵ و بۆنەکان لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (٥.٧٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵیان کردووە بە ڕێژەی (٢٪). وەرزی بەهار لە پلەی کۆتایی دێت بە ڕێژەی (٢.٣٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی سەردانی کۆڕەکی گەشتیارییان کردووە بە ڕێژەی (١.٣٪). وەک لە خشتەی ژمارە (٨)دا هاتووە هیچ پەیوەندییەکی ئاماری نییە لە نێوان باشترین کاتی گەشتکردن و گەشتیاران بە پێی تێستی (**Chi-Square Tests**)بە بەهای ($5.550^{a}$)، لەبەرئەوەی بەهای(203=value.) گەورەترە لە (٠.٠٥) لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری گەشتیاران لە کۆتاییدا هەفتە گەشت ئەنجام دەدەن نەوەک هەموو کاتێک.

خشتەی ژمارە(٧) تایبەتمەندیی کاتی گونجاو بۆ گەشتکردن

| کاتەکانی گەشتکردن | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆرەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆتایی هەفتە | ١٥.٦ | ١٢.١ | ١٠ | ١٢ | ٧ | ١٠ | ٦٦.٧ |
| کاتی جەژن و کەرنەڤاڵ و بۆنەکان | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٠.٧ | – | ٥.٧ |
| وەرزی بەهار | ٠.٧ | ٠.٣ | – | – | ١.٣ | – | ٢.٣ |
| وەرزی هاوین | ٥ | ٢.٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ٥ | ١٩.٣ |
| هەمووکاتێک | ٠.٧ | ٢ | ٠.٣ | ١ | ١ | ١ | ٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی

خشتەی ژمارە (٨) تاقیکردنەوەی (Chi-Square) بۆ گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکانی لێکۆلینەوە

| بەهای P-Value | بەهای ئازاد | بەهای Chi-Square |
|---|---|---|
| .203 | 4 | 5.550 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٧) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)

**٥- تایبەتمەندیی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان:**

بەرزیی ئاستی خزمەتگوزاری لە هەر شوێنێکی گەشتیاری یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە، خشتەی ژمارە (٩) کە تایبەتە بە ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت خزمەتگوزاریی ئارامی و ئاسایش لە پلەی یەکەمی خزمەتگوزارییەکان دێت بە ڕێژەی (٢٠٪) ئەو ڕێژەیەش بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو ناوچە

گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە دابەشبووە بە ڕێژەی (٣-٤٪) تەنها هاوینەهەواری وەرتێ نەبێت کە (٢٪) ئەمەشیان زیاتر بۆ دووریی ناوچەکەیە لە سەنتەری ناوچەکانی لێکۆڵینەوە. ئاستی خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٨٪)، لەو ڕێژەیەش بەرزترینی بێخاڵ دێت بە ڕێژەی (٥٪)، کەمترین ڕێژەش گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێن بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر یەکێکیان. ئاستی خزمەتگوزاریی پەیوەندی و گەیاندن لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١٤٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی کۆڕەکی گەشتیارییە بە ڕێژەی (٤٪)، هاوینەهەواری وەرتێ تا کاتی دابەشکردنی فۆرمەکانیش هیچ هێڵێکی پەیوەندی و گەیاندنی نەبوو. ئاستی خزمەتگوزاریی ئاوی خواردنەوە لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (١٣٪) لەو ڕێژەیەش بەرزترینی هاوینەهەواری وەرتێ دێت بە ڕێژەی (٣.٧٪) کەمترین ڕێژەش گەلی علی بەگە  بە ڕێژەی (٠.٣٪). خزمەتگوزاریی خواردنگە و ڕێستۆرانت لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (١١٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی بێخاڵ و گەلی علی بەگ دێن بە ڕێژەی (٣٪) کەمترینی جوندیان و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێن بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. خزمەتگوزاریی پاک و خاوێنی لە پلەی شەشەم دێت بە ڕێژەی (١٠٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هەوارگەی پانک و بێخاڵ دێن بە ڕێژەی ((٣٪-٢٪) بۆ هەریەکێکیان بەدوای یەکدا، کەمترینیان کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێ دێن بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. خزمەتگوزاریی کارەبا لە پلەی حەوتەم دێت بە ڕێژەی (٦٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری دێن بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترینیان وەرتێ و گەلی علی بەگ دێن  بە ڕێژەی (٠.٣٪). خزمەتگوزاریی تەندروستی لە پلەی هەشتەم دێت بە ڕێژەی (٤٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژە بەر هاوینەهەواری وەرتێ دەکەوێت بە ڕێژەی (٢٪)، گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیاری هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستییان نەبوو. خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندنی گەشتیاری لە پلەی نۆیەم دێت بە ڕێژەی (٢٪)،

کە ئەو ڕێژەیەش بەر بێخاڵ و گەلی علی بەگ دەکەوێت بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. خزمەتگوزارییەکانی (پارک و یاریگا و بانک و نوسینگەی دراو کەمترین ئاستی خزمەتگوزارین بە ڕێژەی (١٪) لە شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە.

خشتەی ژمارە(٩)

ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە شوێنە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە

| خزمەتگوزارییەکان | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆڕەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاک و خاوێنی | ٢ | ١.٣ | ١.٧ | ٣ | ١ | ١ | ١٠ |
| تەندروستی | ٠.٧ | – | ١ | ٠.٣ | – | ٢ | ٤ |
| ئاوی خواردنەوە | ٣.٣ | ٠.٣ | ٣ | ٢ | ٠.٧ | ٣.٧ | ١٣ |
| کارەبا | ١ | ٠.٣ | ٠.٤ | ٢ | ٢ | ٠.٣ | ٦ |
| پەیوەندی و گەیاندن | ٣ | ٢ | ٢ | ٣ | ٤ | – | ١٤ |
| ئارامی و ئاسایش | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٢٠ |
| بانک و نوسینگەی دراو | ١ | – | – | – | – | – | ١ |
| شوێنی حەوانەوە | ٥ | ٢ | ٣ | ٤ | ٢ | ٢ | ١٨ |
| خواردنگە و ڕێستۆرانت | ٣ | ٣ | ١ | ٢ | ١ | ١ | ١١ |
| پارک و یاریگا | – | – | – | ١ | – | – | ١ |
| ڕاگەیاندنی گەشتوگوزار | ١ | ١ | – | – | – | – | ٢ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

## ٦- کەم و کورتییەکان لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان:

هەر ناوچەیەکی گەشتوگوزاری چەند تایبەتمەندییەکی خزمەتگوزاری هەیە کە کار دەکاتە سەر ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، ئەگەر بێت و ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی باش و بەرزبن ئەوا گەشتیاری زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بە پێچەوانە خراپیی ئاستی خزمەتگوزارییەکان وادەکات گەشتیار جارێکی تر سەردانی ئەو ناوچانە نەکاتەوە، سەبارەت بە خراپیی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت سەبارەت بە کەم و کورتییەکان؛ ڕێگاوبانەکان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٥٠٪)، لەو ڕێژەیەش خراپترینی ڕێگاوبانەکانی هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (١٢٪) کەمترین ڕێژەش ڕێگاوبانەکانی هاوینەهەواری جوندیانە بە ڕێژەی (٥٪)، بەرزیی نرخی خزمەتگوزارییەکان لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٢١٪)، لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە کۆڕەکی گەشتیارییە کە نرخی خزمەتگوزارییەکانی بەرزە بە ڕێژەی (١٠٪)، کەمترین ڕێژەش هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (١٪). نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١١.٧٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژە هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (٤٪)، کەمترین ڕێژەش بێخاڵ و گولی علی بەگ دێن بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەردووکیان. کەمیی خزمەتگوزاریی شوێنی مانەوە لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (١٠٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (٣٪)، کەمترین ڕێژەش جوندیان و هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری دێن بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. قەرەباڵغی لە شوێنی مانەوە و حەوانەوە لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (٢.٧٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی بێخاڵ و کۆڕەکی گەشتیاری دێن بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەردووکیان. کەمیی زانیاری لەسەر ناوچەکان لە پلەی شەشەم دێت بە ڕێژەی (٢٪)، لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هاوینەهەواری وەرتێ دێت بە ڕێژەی (١٪). لە پلەی حەوتەم خراپیی

بارودۆخی ئاسایش دێت بە ڕێژەیەکی کەم (١.٦٪). لە پلەی کۆتاییدا نەبوونی هۆکاری گواستنەوە دێت بە ڕێژەی (١٪).

خشتەی ژمارە(١٠)

کەم و کورتییەکان لە شوێنە گەشتوگوزاریەکان

| خزمەتگوزارییەکان | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆرەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خراپی ڕیگاوبانەکان | ٩ | ٨ | ٥ | ٧ | ٩ | ١٢ | ٥٠ |
| کەمی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە | ٢ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٣ | ١٠ |
| نەبوونی هۆکاری گواستنەوە | – | – | – | – | ٠.٣ | ٠.٧ | ١ |
| خراپی بارودۆخی ئاسایش | ٠.٦ | – | – | – | – | ١ | ١.٦ |
| بەرزی نرخی خزمەتگوزاریەکان | ٣ | ٣ | ٢ | ٢ | ١٠ | ١ | ٢١ |
| نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ١.٧ | ٤ | ١١.٧ |
| قەرەباڵغی لەشوێنی مانەوە و حەوانەوە | ١ | ٠.٧ | – | – | ١ | – | ٢.٧ |
| کەمی زانیاری لەسەر ناوچەکە | – | – | – | ٠.٧ | ٠.٣ | ١ | ٢ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

## ٧- هۆکارە پاڵنەرەکانی گەشتکردن بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان

بێگومان کۆمەڵێک هۆکار هەن کار لە گەشتیاران دەکەن کە سەردانی شوێنێک یان ناوچەیەکی گەشتوگوزاری بکەن، سەبارەت بە شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت بوونی دیمەنی جوانی سروشتی یەکەم هۆکاری پاڵنەرە کە گەشتیاران ڕادەکێشێت بۆ ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەی (٢٨٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی دیمەنی جوانی بێخاڵ دێت بە ڕێژەی (٧٪) کەمترین ڕێژەش جوندیان و کۆڕەکی گەشتیاری دێن بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر

یەکێکیان. ئاووهەوای گونجاو لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٢٤.٧٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هاوینەهەواری وەرتێ بە ڕێژەی (٥.٧٪)، کەمترین ڕێژەش هەوارگەی پانک دێت بە ڕێژەی (٢٪). بوونی سەرچاوەی ئاو لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (٢٣٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترینی هاوینەهەواری بێخاڵ و وەرتێ دێن بە ڕێژەی (٦٪) کەمترین ڕێژەش هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری دێن بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر یەکێکیان. ئارامی و ئاسایش لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (٦.٧٪) کە تاڕادەیەکی یەکسان بەسەر هەموو ناوچە گەشتوگوزارییەکان دابەشبووە. نزیکیی ناوچەکە لە شوێنی مانەوە لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (٥.٣٪) کە زۆرترینی بەر بێخاڵ دەکەوێت بە ڕێژەی (١.٧٪) کەمترینی بەر کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێ دەکەوێت بە ڕێژەی (٠.٣٪) بۆ هەر یەکێکیان. بوونی خزمەتگوزاری لە پلەی شەشەم دێت بە ڕێژەی (٤.٦٪) کە لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە بەر هاوینەهەواری بێخاڵ دەکەوێت بە ڕێژەی (٢٪) کەمترین ڕێژەش جوندیان و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێن بە ڕێژەی (٠.٣٪). بوونی دیاردەی جیۆلۆجی و لایەنی مێژوویی لە پلەکانی کۆتاییدا دێن بە ڕێژەی (٤٪-٣.٧٪) بەدوای یەکدا بۆ هەر یەکێکیان.

خشتەی ژمارە(١١)

هۆکارە پاڵنەرەکانی گەشتکردن بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە

| ژ | هۆکارە پاڵنەرەکان | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆڕەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بوونی دیمەنی جوانی | ٧ | ٤ | ٣ | ٥ | ٣ | ٦ | ٢٨ |
| ٢ | بوونی سەرچاوەی ئاوی | ٦ | ٣ | ٤ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢٣ |
| ٣ | ئاووهەوای گونجاو | ٥ | ٣ | ٤ | ٢ | ٥ | ٥.٧ | ٢٤.٧ |
| ٤ | بوونی دیاردەی جیۆلۆجی | ١ | ١.٧ | ٠.٣ | - | ١ | - | ٤ |
| ٥ | بوونی خزمەتگوزاری | ٢ | ١ | ٠.٣ | ٠.٧ | ٠.٣ | ٠.٣ | ٤.٦ |
| ٦ | ئارامی و ئاسایش | ١ | ١ | ١ | ١.٧ | ١ | ١ | ٦.٧ |
| ٧ | نزیکی ناوچەکە لەشوێنی مانەوە | ١.٧ | ١.٣ | ١ | ١ | ٠.٣ | ٠.٣ | ٥.٦ |
| ٨ | لایەنی مێژووی | - | ١ | ١ | - | ١.٧ | - | ٣.٧ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

**٨- تایبەتمەندیی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە:**

میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر ناساندن و دەستکەوتنی زانیاری لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان، کە بەهۆیانەوە گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان گەشت دەکەن. وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) دەردەکەوێت دەستکەوتنی زانیاری لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پلەی یەکەم دێن، لەبەرئەوەی لە ئێستادا زۆربەی هاوڵاتییان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن و زانیارییان لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەستدەکەوێت  بە ڕێژەی (٤٧٪) لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە دەستکەوتنی زانیاری بوو لەسەر کۆڕەکی گەشتیاری بە ڕێژەی (١١٪)، کەمترین ڕێژەش بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (٤٪). هاوڕێ و خزم و کەس و کار لە پلەی دووەم دێن لە دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە ڕێژەی (٢٤٪) لەو ڕێژەیەش هەریەک لە هەوارگەی پانک و کۆڕەکی گەشتیاری و وەرتێ بەرزترین ڕێژە کە (٥٪) بۆ هەر یەکێکیان گەشتیاران زانیاریان دەستکەوتووە لەسەر ئەم ناوچانە، کەمترین ڕێژەش هەوارگەی جوندیانە بە ڕێژەی (٢٪). ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە پلەی سێیەم دێن لە دەستکەوتنی زانیاری لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان لەلایەن گەشتیارانەوە بە ڕێژەی (١٤٪) لەو ڕێژەیەش بێخاڵ و کۆڕەکی گەشتیاری بەرزترین ڕێژەیان بەرکەوتووە بە ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر یەکێکیان، کەمترین ڕێژەش بۆ شوێنەکانی تر وەک یەک یەکسانە بە ڕێژەی (٢٪) بۆ هەر شوێنێکیان. کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە پلەی چوارەم دێن بە ڕێژەی (١٣٪) لەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژە کە (٣٪) بۆ دەستکەوتنی زانیاری بۆ هەریەک لە ناوچەکانی بێخاڵ و گەلی علی بەگ و کۆڕەکی گەشتیارییە، نزمترین ڕێژەش کە (١٪) هەوارگەی پانک و

هاوینەهەواری وەرتێیە. تەلەفزیۆن بە ڕێگای پێنجەم دێت بە ڕێژەی (١.٣٪)، لەو ڕێژەیەش (٠.٣٪) گەلی علی بەگ دێت دواتر بە ڕێژەی (١٪) کۆرەکی گەشتیاری دێت. ڕادیۆ کۆتا ڕێگای دەستکەوتنی زانیارییە لەسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە (٠.٧٪) کە ئەویش لەسەر هاوینەهەواری بێخاڵە.

خشتەی ژمارە(١٢)

تایبەتمەندیی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان

| ڕێگاکانی دەستکەوتنی زانیاری | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کۆرەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | - | ٠.٣ | - | - | ١ | - | ١.٣ |
| ڕادیۆ | ٠.٧ | - | - | - | - | - | ٠.٧ |
| ڕۆژنامە و گۆڤار | ٣ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣ | ٢ | ١٤ |
| ئەنتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی | ٩ | ٦ | ١٠ | ٧ | ١١ | ٤ | ٤٧ |
| هاوڕێ و خزم و کەس و کار | ٤ | ٣ | ٢ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢٤ |
| کۆمپانیای گەشتیاری | ٣ | ٣ | ٢ | ١ | ٣ | ١ | ١٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی.

## ٩- باشترین ناوچە لە نێوان (سۆران و ڕواندز) بۆ گەشتکردن بەلای گەشتیارانەوە

سەبارەت بە باشترین ناوچە بۆ گەشتکردن لەلایەن گەشتیاران لە نێوان هەردوو ناوچەی لێکۆڵینەوە (سۆران و ڕواندز)، وەک لە خشتەی ژمارە (١٣)دا دیارە، ئەوا بە ڕێژەیەکی بەرز گەشتیاران ڕواندزیان پێ باشتر بوو بۆ گەشتکردن بە ڕێژەی (٧٣.٣٪)، و سۆرانیش بە ڕێژەی (٢٦.٧٪)، هۆی ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆربەی ناوچە گەشتوگوزارییە وەبەرهێنراوەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە کەوتوونەتە قەزای ڕواندز وەکو بێخاڵ و کۆڕەکی گەشتیاری و هەوارگەی پانک و جوندیان و وەرتێ.

خشتەی ژمارە(١٣)

باشترین ناوچە بۆ گەشتکردن بەلای گەشتیاران ٢٠٢١

| ناوچەکان | سۆران | ڕواندز | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٨٦ | ٢١٤ | ٣٠٠ |
| ڕێژەی ٪ | ٢٨.٧ | ٧١.٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی (فۆڕمی ڕاپرسی).

## ١٠- حەز و ئارەزووی گەشتیاران (تایبەتمەندیی باشترین شوێنی گەشتوگوزاری):

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١٤) بکەین کە تایبەتە بە حەز و ئارەزووی گەشتیاران بۆ سەردانیکردنیان بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە ئەوا هاوینەهەواری بێخاڵ لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٣٧.٤٪) کە گەشتیاران ئارەزوو دەکەن سەردانی بکەن

لەبەرئەوەی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تێدا فەراهەم کراوە و دیمەنێکی جوانی هەیە لەگەڵ ئاووهەوای گونجاو، لە دوای بێخاڵ هاوینەهەواری وەرتێ دێت بە ڕێژەی (١٩.٣٪)، و بە پلەی سێیەم گەلی علی بەگ دێت بە ڕێژەی (١٤٪)، لە پلەی چوارەمیش هەوارگەی پانکی گەشتیاری دێت بە ڕێژەی (١١٪)، لە پلەی پێنجەم هاوینەهەواری جوندیان دێت بە ڕێژەی (٩.٣٪)، لە پلەی کۆتاییش کۆڕەکی گەشتیاری دێت بە ڕێژەی (٩٪).

خشتەی ژمارە (١٤)

حەز و ئارەزووی گەشتیاران بۆ سەردانیکردنی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە

| ژ | ناوچە گەشتوگوزاریەکان | ژمارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | گەلی علی بەگ | ٤٢ | ١٤ |
| ٢ | بێخاڵ | ١١٢ | ٣٧.٤ |
| ٣ | کۆڕەکی گەشتیاری | ٢٧ | ٩ |
| ٤ | هەوارگەی پانک | ٣٣ | ١١ |
| ٥ | هاوینەهەواری جوندیان | ٢٨ | ٩.٣ |
| ٦ | وەرتێ | ٥٨ | ١٩.٣ |
| | تێکڕا | ٣٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی (فۆڕمی ڕاپرسی).

## ١١- گیروگرفتەکانی بەردەم گەشتیاران

سەبارەت بە گیروگرفتەکانی بەردەم گەشتیاران لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بە پێی فۆڕمی ڕاپرسی وەک لە خشتەی ژمارە (١٦)دا دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە (٥١.٧٪) خراپیی ڕێگاوبانەکانن لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوەدا، زۆربەی گەشتیاران گلەییان لە خراپیی ڕێگاوبانەکان هەبوو بێ سەروبەرییەکی زۆر بەڕێگاکان و دیارە و تاسە و قۆرتی زۆری تێدایە گەشتیار هەست بە هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆر دەکات، سەرەڕای

ئەوەی زەرەروزیانێکی زۆریش بەر ئۆتۆمبێلەکان دەکەوێت بەهۆی خراپیی ڕێگاکان، و لە دوای خراپیی ڕێگاکان بە پلەی دووەم بەرزیی نرخی خزمەتگوزارییەکان دێت بە ڕێژەی (١٧.٧٪) گەشتیاران زۆر گلەییان لە بەرزیی نرخی کەل و پەل و خواردن و گرانیی نرخی هۆتێل و موتێل و کەپرەکان هەبوو بە تایبەتی ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی بەهۆی هاتنی زۆری گەشتیاران، نرخەکانیان چەند قاتدەکردەوە لەگەڵ ڕۆژانی تر، بە تایبەتی لە کۆڕەکی گەشتیاری، و لە دوای ئەمەش نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١١.٧٪) لەبەردەم گەشتیاران، لەبەرئەوەی زۆربەی گەشتیاران کە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون شارەزایی ئەوتۆیان لەسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکان نییە، لەدوای ئەو بە پلەی چوارەم کەمیی خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە دێت بە ڕێژەی (٩.٦٪) زۆربەی گەشتیاران گلەییان لە کەمیی خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوەیان هەبوو کە تاڕادەیەک پاک و خاوێن نەبوون و یان زۆرکات شوێنیان دەستنەدەکەوت بۆ مانەوە، لەدوای ئەمانەش هەریەک لە قەرەباڵغی لە شوێنی مانەوە و حەوانەوە و کەمیی زانیاری لەسەر ناوچەکە و خراپیی بارودۆخی ئاسایش دێت بە ڕێژەی (٤٪- ٣٪-٢.٣٪) بۆ هەر یەکێکیان بەدوای یەکدا، ئەمانە هەموویان ئەو گیروگرفتانە بوون کە دەهاتنە بەردەم گەشتیاران لە کاتی سەردانیکردنیان بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە.

خشتەی ژمارە(١٦) گیروگرفتەکانی بەردەم گەشتیاران

| ڕێژەی ٪ | ژمارە | خزمەتگوزاریەکان | ژ |
|---|---|---|---|
| ٥١.٧ | ١٥٥ | خراپی ڕێگاوبانەکان | ١ |
| ٩.٦ | ٢٩ | کەمی خزمەتگوزاری شوێنی حەوانەوە | ٢ |
| ٢.٣ | ٧ | خراپی بارودۆخی ئاسایش | ٣ |
| ١٧.٧ | ٥٣ | بەرزی نرخی خزمەتگوزاریەکان | ٤ |
| ٣ | ٩ | کەمی زانیاری لەسەر ناوچەکە | ٥ |
| ١١.٧ | ٣٥ | نەبوونی ڕیبەری گەشتیاری | ٦ |
| ٤ | ١٢ | قەرەباڵغی لە شوێنی مانەوە و حەوانەوە | ٧ |
| ١٠٠ | ٣٠٠ | تێکرا | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی (فۆڕمی ڕاپرسی).

## ١٢- ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە:

بۆ بەرەو پێشبردنی هەر شوێنێکی گەشتوگوزاری ئەوا کۆمەڵێک پێشنیاز و چارەسەر دەخرێنەڕوو کە دەکرێت چەند لایەنێک بەرپرس بن لە چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنی ئەو ناوچە گەشتوگوزارییانە، بەڵام زۆرجار دەکرێت چارەسەری ڕاستەقینە لای گەشتیاران بێت، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی کردەیی و ئەزموونی هەموو لایەنەکانی گەشتوگوزاری ناوچەکەیان کردووە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات کە بەشێک لە چارەسەر و پێشنیازی پێشخستنی ناوچە گەشتیارییەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەشتیارانەوە وەربگیرێ. وەک لە خشتەی ژمارە (١٧) کە تایبەتە بە ڕاسپاردە و پێشنیازی گەشتیاران بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاری ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بایەخدانە بە ڕێگاوبانەکان بە ڕێژەی (٢٠.٣٪) لەو ڕێژەیەش

زۆرترینیان پێشنیازی چاککردنی ڕێگاوبانی هاوینەهەواری وەرتێیان دەکرد بە ڕێژەی (٦٪)، کەمترین ڕێژەش ڕێگای بێخاڵ بوو بە ڕێژەی (٢.٣٪). دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (١٣.٧٪) لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە گەلی علی بەگ بوو بە ڕێژەی (٣.٧٪) کەمترین ڕێژەش هەوارگەی پانک بوو بە ڕێژەی (١٪). کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١١٪)، لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە کۆڕەکی گەشتیارییە بە ڕێژەی (٤٪) بەهۆی گرانیی نرخی خزمەتگوزارییەکانی، کەمترین ڕێژەش جوندیان و وەرتێ بوو بە ڕێژەی (١٪) بۆ هەر یەکێکیان. کردنەوەی شاری یاریی منداڵان لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (١٠٪)، لەو ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژە هاوینەهەواری وەرتێیە بە ڕێژەی (٣٪) کەمترین ڕێژەش کۆڕەکی گەشتیارییە بە ڕێژەی (١٪)، هەوارگەی پانک هیچ پێشنیازێکی نەبوو بۆ کردنەوەی شاری یاری منداڵان. کردنەوەی نووسینگەی دراو و چاککردنی دۆخی کارەبا لە پلەی پێنجەم دێن بە هاوبەشی بۆ هەر یەکێکیان بە ڕێژەی (٩٪)، کە بە ڕێژەیەکی یەکسان بەسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکان دابەشبوونە. کردنەوی باخچەی ئاژەڵان و دروستکردنی هوتێلی زیاتر لە پلەی شەشەم دێن بە ڕێژەی (٧٪) بۆ هەر یەکێکیان، لەو ڕێژەیەش (٣٪) داوای کردنەوەی ئوتێلیان دەکرد لە هاوینەهەواری وەرتێ، بەشی زۆری گەشتیارانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی تر داوای کردنەوەی باخچەی ئاژەڵانیان دەکرد بۆ گشت شوێنەکان. بایەخدانی زیاتر بە پاکوخاوێنی لە پلەی کۆتاییدا دێت بە ڕێژەی (٥٪) کە کەمترین ڕێژەیە داواکاری گەشتیارانی گشت ناوچە گەشتوگوزارییەکان بوو بە ڕێژەیەکی یەکسان.

خشتەی ژمارە(١٧) ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچەکانی لێکۆڵینەوە

| ڕاسپاردە و پێشنیار | بێخاڵ | گەلی علی بەگ | جوندیان | هەوارگەی پانک | کورەکی گەشتیاری | وەرتێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بایەخدان بە ڕێگاوبانەکان | ٢.٣ | ٣ | ٣ | ٤ | ٢ | ٦ | ٢٠.٣ |
| دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی | ٣ | ٣.٧ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | ١٣.٧ |
| کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان | ٢ | ١.٣ | ١ | ١.٧ | ٤ | ١ | ١١ |
| دانانی هێما بۆ شوێنە گەشتیارییەکان | ١.٣ | ١ | ١.٧ | ١ | ١ | ٢ | ٨ |
| کردنەوەی نوسینگەی گۆڕینەوەی دراو | ٢ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٩ |
| کردنەوەی باخچەی ئاژەڵان | ١ | ١ | ١.٧ | ١.٣ | ١ | ١ | ٧ |
| کردنەوەی شاری یاری منداڵان | ٢ | ٢ | ٢ | - | ١ | ٣ | ١٠ |
| دروستکردنی هوتێل | ١ | - | ٢ | - | ١ | ٣ | ٧ |
| باش کردنی دۆخی کارەبا | ٢ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٣ | ٩ |
| بایەخ دان بە پاک و خاوێنی | - | ١.٣ | ١ | ١ | ٠.٧ | ١ | ٥ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشتبەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی.

**ئەنجامەکان**

١- زۆرترین ژمارەی گەشتیاران کە ڕوو لە شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە دەکەن گەشتیارانی پارێزگای هەولێرن بە ڕێژەی (٣٨.٧٪) ئەمەشیان بەهۆی نزیکیی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە لە سەنتەری شارەکە.

٢- باشترین شوێنی گەشتوگوزاری هاوینەهەواری بێخاڵە بە ڕێژەی (٣٧.٤٪)، لەبەرئەوەی سەرجەم خزمەتگوزاریی سەرخان و ژێرخانی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کەوتۆتە سەر ڕێگای ستراتیجیی هاملتۆن.

٣-باشترین کاتی گونجاو بۆ گەشتکردن بە لای گەشتیارانەوە کۆتایی هەفتەیە بە ڕێژەی (٦٦.٧٪).

٤- لە نێوان سۆران و ڕواندز بۆ گەشتوگوزاری بە پێی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی قەزای ڕواندز بە ڕێژەی (٧١.٣٪) باشترە لە سۆران بە ڕێژەی (٢٨.٧٪)، لەبەرئەوەی زۆربەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان دەکەونە قەزای ڕواندزەوە.

٥- بە پێی فۆڕمی ڕاپرسی لە (٤٧٪) گەشتیاران لە ڕێگای ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاریان لەسەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەستکەوتووە.

٦- بوونی دیمەنی جوانی سروشتی یەکێکە لە پاڵنەرە هەرە بەهێزەکان بۆ گەشتکردنی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەی (٢٨٪).

## ڕاسپاردەکان

١- دروستکردنی شوێنی حەوانەوە و هۆتێلی زیاتر بە تایبەت لە هاوینەهەواری وەرتێ لەبەرئەوەی کەمیی شوێنی مانەوە کێشەیەکی زۆر بۆ گەشتیاران دروستدەکات بە تایبەت لە ڕۆژانی پێنجشەممان و هەینی.

٢- دانانی تابلۆ و ڕێنیشاندەر بۆ گەشتیاران، چونکە هیچ تابلۆ و ڕێنیشاندەرێک نییە ئاماژە بە شوێنە گەشتیارییەکان بکات.

٣- بایەخدانی زیاتر بە پاکوخاوێنی.

٤- کەمکردنەوەی نرخی بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتی لە کۆڕەکی گەشتیاری، کە نرخی خزمەتگوزارییەکان یەکجار بەرزە.

٥- ڕێبەریی گەشتیاری کە سەرجەم شوێنە گەشتوگوزارییەکانی تێدابێت بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

**پەراوێزەکان:**

١ لە ئێستادا دوای تەواوبوونی تونێلی پیرمام و بەنی هەریر درێژی ڕێگاکە کەم بۆتەوە بەنزیکەی ٦کم، واتە دووری نێوان هەولێر و سۆران ئێستا ٩٩کم.( بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠٢١).

٢ دوای تەواوبوونی تونێلی پیرمام و بەنی هەریر درێژی ڕێگاکە کەم بۆتەوە بەنزیکەی ٦کم، واتە دووری نێوان هەولێر و ڕواندز ئێستا ١٠٤کم.( بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠٢١).

٣ Chi Square تێستێکی ئامارییە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان زانیاری ڕاستەقینە و زانیاری پێشبینیکراو. **(Antony &walker, 1995, p61)**

٤ (٠.٠٥) ڕێژەی باوەڕپێکراوە لە زانستە مرڤایەتییەکان، ئەگەر هاتوو بەهای (Value) بچوکتر بوو لە (٠.٠٥) ئەوا پەیوەندی ئاماری هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەهای (Value) گەورەتر بوو لە (٠.٠٥) ئەوا هیچ پەیوەندیەکی ئاماری نییە واتە گریمانەی جێگرەوە (بدیل) قبول دەکەین.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

- جامباز و بێخاڵی، تاریق و مولود، ٢٠٠٦، ڕواندز شارەکەی پاشای گەورە، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- محمدئەمین، هاوڕێ یاسین، ٢٠١٣، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی.

- ڕواندزی و هەنارەیی، عمر حسین حسن و ڕزگار محمد عوسمان، ٢٠١٧، دابەشبوونی شوێنی نیشینگە لادێیەکانی قەزای سۆران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، گۆڤاری توێژەر ژمارە (٠).

- سەعید، کامەران طاهر، ٢٠١٤، جوگرافیای عێراق، مرۆیی و چالاکی ئابووری، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.

- ئەحمەد، زریان شێخە، ٢٠١٧، وەرتێ، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، چاپی یەکەم.

- ڕوستی، نادر، ٢٠١٠، گەشتوگوزار نەوتی ئایندەیی کوردستانە، چاپی یەکەم.

- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سۆران،٢٠٢١، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم.

- عبدالرحمن، لۆزان حسین، ٢٠١٦، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ فراوانبونی ڕووبەری شاری سۆران و کاریگەری لەسەر

مۆرفۆلۆجیاکەی، ماستەرنامە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– مەستی. نیاز، ٢٠١٨، شارەدێی وەرتێ لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی، مێژووی، ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیە، چاپی یەکەم.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم. هۆبەی (GIS).

– عومەر، لقمان وسو، ٢٠٠٦، توانستە جوگرافیە گەشتوگوزارییەکانی قەزای کۆیە، ماستەرنامە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، بەشی پلان دانانم زانیاری ڕێگا سەرەکیەکانی پارێزگای هەولێر، بەکۆمپیوتەر چاپ کراو، بڵاونەکراوە، ٢٠٢١.

– ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گشتی گەشتوگوزار.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

– دیوانە، امانج احمد حمدامین علی، ٢٠٠٨، المترکزات الجغرافیة للتخطیط السیاحی بقضاء سۆران، ڕسالة ماجستیر، کلیة تربیة، جامعة موصل.

- الشرقاوي والاخرون، فتحى محمد، ٢٠٠٦، مبادى علم السياحة، مكتبة بستان المعرفة، الأسكندرية.

- شرف، محمد ابراهيم محمد، ٢٠٠٨، التحليل المكانى باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، دار المعرفة الجامعية للطباعة والنشر والتوزيع.

- -ديوانه و الرواندزى، ئامانج احمد حمدامين، عمر حسين حسن، ٢٠١٦، اثر المعالم الطبيعية في جذب المشاريع السياحية في قضاء ڕواندز.

- الصفار، بحرى سالم فتاح، ٢٠١٩، التباين المكاني لامكانات التنمية السياحية و واقحها في محافظ اربيل، اطروحة دكتورا، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

- مامو، سردار أسعد، ٢٠١٦، المقومات الطبيعية للسياحة البئية في قضاء سوران (محافظ اربيل)- كوردستان عيراق، ڕسالة مقدمة لنيل درجة ماجستير في الأداب من قسم جغرافية، جامعة منصورة، ميصر.

- حسين، هيمن صالح قادر، ٢٠١٥، جغرافية السياحة في قضاء ڕواندز محافظ اربيل (أقليم كردستان- العراق) بحث مقدم لاستكمال مطلبات الحصول على درجة ماجستير، من كلية الاداب- قسم الجغرافية ونظم معلومات الجغرافية، جامعة الأسكندرية.

- -ديوانه، الرواندزى، ئامانج احمد حمدامين، عمر حسين حسن، ٢٠١٧، التحليل المكانى للمواقع السياحة المستثشرة في قضاء ڕواندز، Polytechnic jorurnal: Vol.7. No4 (December 2017) pp.1-21.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

- S.Medlik, Dictinory of Travel, Tourism & Hospitally, 3.ed. butter worth, heinemanu, Great Britain, 2003, pvii.
- Antony and Walker, A.B.F,1995, The Chi Square testian introduction. COMSIG reviw.4(3).61.

**ملخص**

يلعب نشاط السياحة في هذا العصر دورا هاما وفعالا في اقتصاد الدولة، اذ يبنى عليه أساس اقتصاد الدولة، وتزداد نسبة الدخل الشهري سنويا. ولكي تتقدم دولتنا وتواكب الدول المتقدمة وتنافس معها يجذب انتباه السياح، عليها الاهتمام بأسلوب وطرائق السياحة، وهدف هذا البحث هو التركيز على المناطق السياحية وأهميتها في مدينتي سوران وراوندز، إذ يوجه إلى هذه الأماكن سياح كثر سنويا، ويزدا عددهم سنة بعد سنة. وذا اهتمت بهاتين المنطقتين اهتماما بالغا فمن الممكن أن تصبحا مدينتين ساحبتين على مستوى العراق و إقليم كردستان لكثرة الأماكن السياحية فيهما.

## Abstract

Tourism activities has a significant and effective role in the country economy nowadays, which is the base of building country economy and the outcome rate increases yearly, that is for stepping forward like the developed countries and compete them especially for attracting tourists. New styles and methods of tourism must be applied and taken into consideration. The aim of the research is to solve and explore the important tourism places in soran and rawanduz that have been the most visited places by tourists in the recent years. This way the tourism rate increases annually. There are many important and famous tourism places in soran and rawanduz that with more caring and researches, these two will be huge tourism cities in Iraq and Kurdistan Region.

## پاشکۆ

ئەنجامی تێستی (Chi- Square) بۆ بەشێک لە داتاکانی فۆڕمی ڕاپرسی

١- پەیوەندی نێوان شوێنە گەشتوگوزارییەکان و گەشتیاران

**Chi-Square Tests**

| | Value | df | Asymptotic Significance (2-sided) |
|---|---|---|---|
| Pearson Chi-Square | 66.102[a] | 45 | .022 |
| Likelihood Ratio | 79.354 | 45 | .001 |
| Linear-by-Linear Association | 2.209 | 1 | .137 |
| N of Valid Cases | 300 | | |

a. 44 cells (73.3%) have expected count less than 5. The minimum expected count is .26.

٢- پەیوەندی نێوان ڕەگەزی گەشتیاران و شوێنە گەشتوگوزارییەکان

**Chi-Square Tests**

| | Value | df | Asymptotic Significance (2-sided) |
|---|---|---|---|
| Pearson Chi-Square | 3.317[a] | 5 | .651 |
| Likelihood Ratio | 3.545 | 5 | .617 |
| Linear-by-Linear Association | .824 | 1 | .364 |
| N of Valid Cases | 300 | | |

a. 0 cells (.0%) have expected count less than 5. The minimum expected count is 8.67.

٣- پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و گەشتیاران

**Chi-Square Tests**

| | Value | df | Asymptotic Significance (2-sided) |
|---|---|---|---|
| Pearson Chi-Square | 12.947[a] | 10 | .227 |
| Likelihood Ratio | 13.489 | 10 | .198 |
| Linear-by-Linear Association | .700 | 1 | .403 |
| N of Valid Cases | 300 | | |

a. 5 cells (27.8%) have expected count less than 5. The minimum expected count is .67.

٤- پەیوەندی نێوان باشترین کاتی گەشتکردن و گەشتیاران

**Chi-Square Tests**

| | Value | df | Asymptotic Significance (2-sided) |
|---|---|---|---|
| Pearson Chi-Square | 5.550[a] | 4 | .235 |
| Likelihood Ratio | 5.955 | 4 | .203 |
| Linear-by-Linear Association | .327 | 1 | .568 |
| N of Valid Cases | 300 | | |

a. 2 cells (20.0%) have expected count less than 5. The minimum expected count is 2.33.